

# کڵاوەکان قژت دەپارێزن

بۆ پاراستنی قژ و رووخسار لە تیشکی گەرمی خۆر، کە لە وەرزی هاویندا بەهێز دەبێ و کاریگەری لەسەر قژ و پێست دەکات، بە تایبەت پێستی سەر، کاتێك ئەو پێستە بەر تیشکی خۆر دەکەوێ، بەمەش کاریگەری لەسەر خانەکانی مووەکان دروست دەکات و لاوازیان دەکات، دواتر دەبێتە هۆی کەوتن و هەڵوەرینی قژ، بۆ رێگە گرتن لەم لایەنە و دانانی بوارێکی جوانکاری، ئەمەش لە رێگەی پۆشینی کڵاوە جوانەکانەوە دەبێ، وەك رێگەیەك لە تیشکی خۆر و هەوای گەرم، هەروەها رەخساندنی بوارێکی مۆدە و جوانکاری لە ئێکسسواری کڵاوەوە، پۆشینی کڵاو سەرەرای ئەوەی جوانییەکی بەها دەبەخشێ، هەروەها دەکرێ سوود لە لایەنی پاراستنەکەی وەربگری، ئەمەش وادەکات کە ئێکسسواری کڵاو لەگەڵ چەندین جۆرە جلی دەرەوە خۆی بگونجێنێ، بە تایبەت لەگەڵ تیشێرت و بۆدی و جینز، هەوڵبدەن کڵاوەکان رەنگاورەنگ بێ و یان لە رەنگێکی تایبەت بێ، چەندەها رەنگی تایبەت هەن بۆ ئەو بوارە، سوودیان لێوە وەربگرن.




# جلوبەرگی کوردی بە ستایلی رەنگاورەنگەوە



کراسی کوردی هەردەم لەسەر شێوە و نەریتی خۆی لانەداوە و پارێزگاری لە شێوەی کۆن و ستایلی پێشووی کراوە، بەم جۆرەش دەکرێ سوود لە ستایلە تازەکان وەربگرین و ئەگەرچی گۆرانکاری تێدا دەکرێ، بەڵام نابێ شێوازی کۆنە جوانەکەی خۆی بشێوێنرێت، شێوەی تازەکانیش مۆدەی جوانن و ئەمەش لە شێوەی ستایلی جلوبەرگە کوردییەکانەوە دەردەکەون، لەم رێگەیەدا دەبێ سوود لە رەنگەکان وەربگرین بە مەبەستی داهێنانێکی تازە لە جلوبەرگی کوردیەوە، بوونی رەنگاورەنگی لە جلی کوردی، دیمەنێکی بەهار و گوڵ دەبەخشێ، بۆیە دەکرێ گرنگی بە جلە کوردییە رەنگاورەنگەکان بدرێ، هاوشێوەی رەنگە تاکەکان یان رەنگە تێکەڵەکانە، ئەو جۆرە کراسەی دامانناوە، پرە لە چەندین رەنگی جیاواز و هاوشێوە، ئەمەش وادەکات کە دیمەنێکی سەرنجراکێش و جوان ببەخشێ، بۆیە دەکرێ جلوبەرگی کوردی رەنگاورەنگ رۆڵی هەبێ لە جوانی و رازاندنەوەی خانمانی کورد.

# جوانترین مۆدەکانی بازنگ لە کوردستان



**ئێکسسواراتی (جوجو) - هەولێر**

ئێکسسوارەکان هەر یەکە بەپێی شێوە و قەبارەی خۆی دەناسرێ و جوانی خۆی دەبەخشێ، مەگەر هەر ئێکسسوارێك بەپێی جۆر و شێوەی خۆی بپۆشرێ، لەم لایەنەدا دیمەنێکی رازاوە و کراوە دەبەخشێ، خاوەنی ئێکسسواراتی (جوجو) لە هەولێر پێراگەیاندین، کە دوو جۆرە ئێکسسواری بازنگ لەلایەن خانمان و کچان داوا دەکرێن، ئەوانیش دوو مۆدەی تازەن و یەکێکیان لە شێوەی زنجیری خاڵ خاڵە و ئەوەی دیکەش لە پلاستیك و بەرد دروستکراوە و کە مۆدێیەکی جوان و رازاوە لە خۆ دەگرێ، ئەمەش دەبن بە دوو جۆرە جوانترین مۆدەی بازنگ کە دەبێتە جوانترین مۆدەکانی ئێکسسوارەکان لەم کاتەدا، ئەگەر چی گۆرانکاری بەسەر مۆدەکاندا دێ، بەڵام شێوە جوانەکان هەردەم پارێزراو دەبێ و لەگەڵ شایستەیی لە ئێکسسوارەکانی بازنگ بۆ دەستی خانمانی کورد، هەردەم جێگەی جوانی و رازاوەیی و تەنانەت مۆدێیەکی جوانیشی پێوە دەناسرێ، ئێکسسوارەکان بەپێی گرنگی و تایبەتمەندی مۆدەکانی بازنگەکانەوە دەبن.

# تیسکن بوونی برژانگەکان



**جوانکاری کارۆلینا – سلێمانی**

بۆ زیاتـــر گرنگی دان بـــە برژانگەکانی چاو، کە نیگای جوانی چاوەکانت دەردەخەن و شێوەیەکی ناسك نیشان دەدەن، دەکرێ سوود لە گشت لایەنەکان وەربگرین بۆ پاراستنی جوانی برژانگی چاوەکانت، هەوڵبدە زیاتر پارێزگاری لـــە برژانگەکانت بکەی بە جۆرێك هەردەم بە جوانی و تـــەڕەوە دەربکەون، زیاتریش لایەنێك هەیە کە دەکرێ ســـوود لـــە ڕۆنی گەرچەك (زیت الخروع) باشـــترین ڕۆنـــە بۆ ژیانەوەی برژانگـــەکان و پڕکردنەوەیان. بـــەم ڕێگەیە دەتوانی سوود لە ڕۆنی گەرچەك وەربگری..

١-بەشێکی یەکسان لە هەنگوینی سروشتی و ڕۆنی بادەم لەگەڵ ڕۆنی گەرچەك تێکەڵاو بکە..

٢-یەك ســـەلك پیازی گـــەورە لەناو یەك فنجـــان ڕۆنی زەیتـــوون بکوڵێنـــە و دوای پاڵاوتنـــی ڕۆنەکە برژانگتی پێ چەور بکە ڕۆژی دوو جار.

تێبینی\ دەبێت فڵچەی ماسکارا شانەیی بێـــت بۆ بەکار هێنان، ئـــەو زەیتەی ئەخرێتە ســـەر برژانگەکان ئازاری چاوت ئەدات گەر بکەوێتە ناو چاوت، لەبـــەر ئەوە تەنیا ئەبێ ســـەری برژانگەکان چـــەور بکەیت وە نابێت بەکار بهێندرێت پێش نووســـتن. بۆ ئەوەی بە پاکی و جوانی بپارێزرێت.

# ئێکسسوارە باریکەکان مۆدەی سەردەمن



ئێکســـــوارەکان چەندین مۆدەی هاوشێوە دەگرنە بەر، ئەمەش بەهۆی داوا و خواستی خانمان لەســـەر ئەو جۆرە ئێکسسوارانەوە، بە تایبەت کاتێك لە شوێن و بۆنەکاندا بە ڕێژەیەکی زۆر دەپۆشرێن، هەندێك لە ئێکسسوارەکان بە دڵـــی خانمانن و هەندێکی دیکەش جێگەی بایەخ نین، لە گشـــت ستایلەکان مۆدەکانی ئێکســـــوارەکان شێوازی ناسکی پێوە دیارە، ئەمەش وادەکات کە لەگەڵ جوانی شێوەی ئێکسسوارەکە بگونجێ و تەنانەت دیمەنێکی ناسکیش ببەخشـــێ، لەم ڕێگەیەدا دەکرێ جوانی ئێکسسوارە باریکەکان دیاری بکەین، کە جوانییەکی هاوتای هەیە و زیاتر جەستە و مـــل رازاوەتر دەکـــەن، ملوانکەی باریك شێوازێکی سەرنجڕاکێشی هەیە و شایستەی مۆدەیەکی کراوە و رازاوەیە، جوانی ئەو جۆرە ئێکسسوارە لە زنجیرەکەیەتی، کە دەکەوێتە سەر پێســـت و زیاتر دیمەنەکە جوانتر و بە بایەختر دەکات، لەم ڕوانگەیەوە شـــێوازێکی کـــراوە و رازاوە لە ملوانکە باریکەکان بەدی دەکرێـــن و دەبن بە ئێکســـــواری مۆدەی سەردەم.



# ڕەنگەکان جوانی ماکیاژ دیاری دەکەن

گرنگی دانی خانمان بە ماکیاژەکان، ڕێگەیەکـــە بـــۆ دیاریکردنی جۆری جوانی و شـــێوازێکی ناسك لە دانانی ڕەنگەکان، ئەمەش لەســـەر خواســـت و ویســـتی ئەو خانمە دەوەســـتێ، کە دەیەوێ ئـــەو جۆرە ماکیاژە هەڵبژێری بـــۆ چاوەکان یان بۆ ڕووخســـار و لێو، ڕەنگەکان زیاتر کاریگەریان هەیە لەسەر جوانی ماکیـــاژەکان، هەر ڕەنگێك پایە و جوانییەکـــی خۆی هەیە، بە تایبەت ڕەنگەکانـــی پشـــت چـــاوەکان و لێو، کە شـــێوازی ماکیاژ دیـــاری دەکەن، ســـەرەڕای ئـــەوەی دیمەنێکی جوان و کراوەی دەبێ لە هەر شوێن و کاتێکدا، بەڵام دەبێ گرنگـــی ئەو جۆرە ڕەنگە دەربکەوێنـــرێ کە جێگـــەی جوانی و جۆری ماکیاژەکەیە، لەگەڵ ئەوەشـــدا ڕەنگـــەکان هێمای خۆیـــان هەیە، بۆ نموونە ڕەنگـــی کاڵ و تۆخ جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئـــەوەی دیکەوە، لەگەڵ ئـــەوەی دانانی بریقـــە و ماددەی کە ڕەنگەکـــە زیاتر و جوانتـــر دەردەخات، شـــیاوی ئامادەکردنی ماکیاژێکە کە ڕەنگەکەی بە جۆرێك بێ لە شێوەیەکی کراوە و ناسکدا خۆی ببینێتەوە.



## خێزانێک بۆ فرۆشتن



هاووڵاتیەکی میسری بەهۆی خراپی گوزەرانیەوە ئەندامانی خێزانەکەی لەمەیدانی تەحریر بەمەبەستی فرۆشتن دەخاتە زیادکردنێکی ئاشکراوە.

ڕۆژنامەی ئەلئان-ی ئەلکترۆنی میسری لەهەواڵێکی سەرنجڕاکێشدا بڵاویکردەوە، هاووڵاتیەك لەمەیدانی تەحریری شاری قاهیرە لافیتەیەکی داناوەو لەسەری نووسیوە خێزانێکی میسری بۆ فرۆشتن.

عەبدول ناسر حلفی ئەو هاووڵاتیەی کە بەنیازە خێزانەکەی بفرۆشێت بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە، بەهۆی خراپی گوزەران و ئەو بارودۆخەی لە وڵاتەکەیدا هاتۆتە ئاراوە، بڕیاریداوە ئەندامانی خێزانەکەی کەلە ٦ کەس پێکهاتوون لە زیاد کردنێکی ئاشکرادا بفرۆشێت.

**ئا : ڕەوەند بەختیار**



## دووەم ئەشکەوتی ئاوی لە کوردستانە

ئەشکەوتی قۆری قەڵا وەك گەورەترین ئەشکەوتی ئاوی کیشوەری ئاسیا سەیر دەکرێت. ئەشکەوتەکە لە ٢٥کم شاری ڕەوانسەر سەر بە پارێزگای کرمانشان لەنێوان ڕێگەی ڕەوانسەر- پاوە لە نزیك گوندێك کە هەر بەناوی قۆری قەڵایە هەڵکەوتووە.

مێژووی ئەشکەوتەکە بۆ ٦٥ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، بەڵام تەنیا ٣٠ساڵ دەبێت سەرنجی شوێنەوارناسانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە وەك یەکێك لە حەوت شوێنەواری دێرینەی سروشتی ئێران سەیر دەکرێت، ئەشکەوتەکە لە چەندین حەوزی بچووك پێك هاتووە کە قووڵایی حەوزەکان ١٤ مەتر دەبن هەروەها کەش وهەوای ناو ئەشکەوتەکە لە نێوان ٧تا ١١پلەیە، شایانی باسە ئەم کەشوهەوایە لە هەر چوار وەرزی ساڵدا نەگۆڕە.

**ئا: حەلیمە محەمەد**

## گەورەترین مۆزیش دەرکەوت

میوە و سەوزەکان شێوەیان جیاوازە هەر یەکە لە یەکێکی دیکەوە، هەر یەکەش قەبارەیەکی دیاریکراوی هەیە، لە ژمارەی پێشوودا بچووکترین شووتیمان بڵاوکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان گەورەترین میوە دەردەخەین، کە ئەویش بریتییە لە (مۆز)ێك کە لە وڵاتی نیپاڵ دەرکەوتووە، کە دوو ئەوەندەی مۆزێکی ئاسایی دەبێ، درێژی دەگاتە (٤٣) سەنتیمتەر بەلارییەوە، کە تا ئێستاش مۆزی لەم جۆرە نەبینراوە، خاوەنەکەی نیازی وایە کە هەڵیبگرێ و بەمەبەستی نمایشکردن، کەچی مۆز هەڵناگیرێ، چونکە تووشی تێکچوون دەبێ ئەگەر لە کەشێکی تایبەت و ئامادەکراو نەبێ.



## ئۆتۆمبێلە کۆنەک



کەرەستە کۆنەکان مایەی گرنگی و سەرنجڕاکێشن، بە جۆرێك بیرەوەرییەك دروست دەکات و دەبێتە یەکێك لە کەرەسە کۆن و بەنرخەکان، لە کوردستان چەندین ئوتۆمبێلی کۆن هەبوون کە خەڵك سوودیان لێوە وەرگرتووە یان یادگاریان لەگەڵدا تۆمار کردووە، بۆیە تاوەکو ئێستاش ئەو ئوتۆمبێلانەیان هەڵگرتووە و وەکو ئەوەی یادگارییەکی کۆنە و ماوەتەوە، ئەمەش لەم دوو ئوتۆمبێلەوە دەردەکەوێ، کە یەکێکیان جۆری (لادا)یە و لەناو قەفەسێکدا دانراوە، ئەوەی دیکەش (مۆسکۆ فیجە)ە کە سەردەمێکی کۆنەوە و مۆدیلەکانیان لە خوارەوەی حەفتاکان دەبێ، تا ئێستاش هەڵگیراون.

# بووک و زاوای ناو دەمی شۆفەڵ



لەدوا سەیرترین ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری کە لە جیهاندا ئەنجام درابێ، بریتییە لەو ئاهەنگە هاوسەرگیرەی بۆ شوفێرێکی شۆفەڵ جێبەجێ کرا، لەو کاتەی لەسەر داواکاری بووکە خانەوە بوو، کە بتوانن لە رۆژی ئاهەنگ لەناو دەمی شۆفەڵەکەی بن و بەناو شارەکەیان بسوڕێنەوە، ئەمەش چیرۆکی هاوسەرگیری (میتا) بۆ (سام)ی خەڵکی وڵاتی مالیزیا بوو کە لە رۆژی ئاهەنگەدا توانیان لەناو دەمی شۆفڵەوە ئەو رۆژە بە خۆشییەوە بەڕێ بکەن، ئەمەش وایکرد ببێتە سەیرترین رۆژەکانی بەڕێکردنی هاوسەرگیری کە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێکە لەوەی چۆن بووکە خان نەترساوە.




# دۆنگی کوردستانی سەرسام کرد!

تەنیا بە (٨٥) زنجیرە درامای دۆنگی، کە درامایەکی مێژوویی کەلتوری وڵاتی کۆریایە، لە یەکێك لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن نیشان درا و، توانی جێی خۆی لە هەموو شوێنێك بکاتەوە و ناوی بچێتە هەموو ماڵ و شوێنێکەوە ئەگەر ژمارەی زنجیرەکانی زیاتر بوایە لەوانەیە گەڕەك و شەقامیشیان بەناو بکردایە، ئەوەی سەیر بێ بینەری کورد ئەوەندەی سەیری ئەو ئەڵقە دۆبلاژانە دەکات، ئەوەندە گرنگی بە بەرهەمی خۆمانە نادات، تەنیا مەسەلەکە ئەوەیە بۆتە نەریتێك و بەرهەمی بیانیان لەوانەی خۆمان پێ باشترە، ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەڵقەی (دۆنگی) هەر سەر لە ئێوارەیەك ئەو خەڵکەی کۆکردنەوە بۆ سەیرکردنی ئەڵقە یەکە بە یەکەکانی، بیرمە رۆژێك میوانمان هەبوو، کاتی ئەڵقەکە گەیشتنە ماڵمان و ئیتر داوای ئەڵقەکەی کرد و سەیری تەلەفزیۆنی کرد تا ئەڵقە تەواو بوو، ئینجا بە هێواشەوە بە منی وت : چۆنی باشی ئەوە بۆ دەنگت نییە! لەوەش سەیرتر ئەوەی دەیبینن خواردنگەیەك کراوەتەوە بەناوی (دۆنگی)!

# رەنگی کراسی بووک بۆ سپی یە؟!

**رەوەند بەختیار**

رەنگە زۆر جار پرسیار بکرێ، کە جلی بووك بۆ سپییە! یان بۆ ئەو رەنگەیان بەکارهێناوە تا ببێتە رەنگی بەدڵلەی بووك، خۆی بەر لە سەدەی نۆزدەهەم، کراسی بووك سپی نەبوو، بەڵکو جوانترین کراسی بەردەستیان لەبەر دەکرد، جا هەر رەنگێك بوایە. هەتا لەساڵی ١٨٤٠، فیکتۆریای شاژنی بەریتانیا، لەئاهەنگی گواستنەوەیدا بەرگێکی سپی سادەی پۆشی، ئەمەش دەنگدانەوەیەکی زۆری دروست کرد و خەڵکانی دیکەش لاساییان کردەوە، تا ئێستاش هەر بەردەوامە، سەرەڕای هەوڵی نەخشەسازان بۆ تێکەڵکردنی رەنگی دیکە، بەڵام هەر رەنگی سپی زۆرتر بەکاردەهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا رەنگی سپی کۆمەڵێك مانا دەبەخشێت، لەوانە: پاکی و بێگەردی و خۆشی، بوك بەشێوەی فریشتە یان شازادە پیشان دەدات.



# ـان لە کوردستانن



## مانای شتەکان لە خەون

مــردن: گەڕاندنەوەی ئامانەتە یان چاك بوونەوەی نەخۆشە یان رزگار بوونە لە زیندان یان گەڕانەوەی کەســێکی دوورە، هەروەها مردن لە خەودا ئەگەر گریانی لەگەڵ دا بێت و ناشتنی لەگەڵ دا نەبێت کەموکوڕی و خراپەکاریە لە ئایین و پلە و پایەی بەرزی دنیایە، مردنی بێ گریان و بێ ناشــتن و بێ تەرم ڕووخانی خانووە یان چاو کوێر بوونە یان تەمەن درێژییە، هەروەها مردن لە خەودا ســەفەرە یان دەســت کورتییە یان ژن هێنانە، چونکە مردوو وەك زاوا دەشۆردرێ و بۆنی خۆش دەکرێت، ئەوەی بمرێ و تەرمەکەی لەســەر شان هەڵگیرێ، بەڵام نەخرێتە ژێر خاکەوە ئەو کەســە بەسەر دوژمنانی زاڵ ئەبێــت، مــردن و زیندو بوونــەوە لە خەودا دەوڵەمەند بوونە یان تۆبە کردنە، مردوێك لە خەودا بڵێ من نەمردووم ئەو مردووە پلەو پایەی شەهیدی هەیە، ئەگەر مردوو نەخۆش بێت خۆی بەرپرسیارە لە کردەوەکانی، مردووەکان لە گۆڕەکانیان دەرچن نان و خواردنی خەڵکی بخۆن گرانی ئەبێت، مردو لە خەودا هەرچی بڵێ ڕاســتە، ئەگەر مردو پێ بکەنێ لەو دنیایە کاروباری باشە، ئەتوانین بڵێین مردن پەشــیمان بوونەوەیە لــە گوناهێکی گەورە، ئــەوەی ببینێ لە خەودا مردووەو جلوبەرگی لەبەر نییە هەژار و دەســت کورت ئەبێت، مردو لەســەر فەرش و مافور بێت کاروباری دنیای باشە، مردنی کــوڕ لە خەودا ڕزگار بوونە لــە دوژمن، ئەگەر یەکێك لە خەودا ببینێ مردو ناشــترا ئەو کەسە ئەگەر لە زینــدان دا بێت بەرەڵڵا ئەکرێت، ئەگەر هاوســەری نەبێت ئەوە ژن دێنێ کچیش بێت شوو ئەکات، نەخۆش لە خەودا ببینێ ژنی هێناوە ئەوە ئەمرێ، مردن بۆ ئەو کەسانە باشە کە ئەترسن یان دڵ تەنگن، مردنی برا مانای مردنی دوژمنە، ئەو کەسەی ببینێ چەند مردوکی لەگەڵە ئەوە چەند کەســێکی دووڕووی لەگەڵە، هاوڕێیەتی کردنی مردو سەفەرێکی دوورودرێژە، ئەو کەسەی خۆی لەسەر تەختی مردو شــۆڕین ببینێ لە خەفەت و قەرز رزگاری ئەبێت، ئەگەر مردو لەخەودا زیندوو ببێتەوە باســی ئەو مردووە ئەکرێت، دڵ تەنگی و دڵ خۆشی و ڕووخۆشی مردو باری ئەو دنیایەی تری دەردەبڕێ.

**سەرچاوە: خەوننامە!**

## سەیرترین قاتی سەرۆکی میسر!



مــرۆڤ لــە ژیاندا بــەرزی و نزمی دەبینێ، ناخۆشــترین شــت ئەوەیە کاتێك لە شــوێنێکی بەرز بەرەو شوێنێکی زۆر نزمەوە ڕێگە بگرێ، وەك ئەوەی دەیبینن، ئەمە ســەرۆکی پێشــووی وڵاتی میسر بوو کە (حوســنی موبارك)ە، لەم وێنەیە شــتێکی ســەیر دەردەکەوێ، کە لەسەر قاتەکەی نــاوی نووســراوە (hosne mobarak)، کەچی ئێســتاش لەسەر پێخەفی نەخۆشییەوە لە زیندان دەناڵێنێ!




- کابرایــەک فلیپینیــەک ئەگرێت بۆ ژنەکــەی، ژنەکەی ئەڵێت کابــرا ئەزانیت ئەم فلیپینیــە ئیزعاجی کردووم ئەچم بۆ هەرشــوێنێک بە دوامدا دێت. مێردەکەی ئەڵێت من وابزانم دیانەتی هندۆسیە مانگا ئەپەرستێت بۆیە وا عاشقی تۆیە..

* * *

جارێکیــان کچێك درەنگ دەگەڕێتــەوە ماڵەوە باوکی پێی دەڵیت: بۆ درەنگ هاتیتەوە؟

کچەکەش قسە ناکات باوکی پێیدەڵێت: ڕاستیم پێ بڵێ قسە ناکەم.

کچەکــە دەڵێ: باوکە کوڕێك لە ڕێگادا دوام کەوتبوو، باوکیشــی دەڵێ ئەی بۆ وا درەنگ هاتیتەوە و زوو بگەڕایتەوە، کەچەکەش دەڵێ: باوکە ئاخر کوڕەکە هێواش دەڕۆیشت!

## بۆ زاخــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (باران) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنەوەیەکە لە شیر و لەناو مەشکە ئامادە دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (فیستیڤاڵێکی سینەماییە لە فەرەنسا پێشکەش دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (خواردنی گوێدرێژە کە حەزی پێ ناکا)
- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی کەم)